# گوڵێك له بیابانی ئەفریقا

## *Desert Flower – Waris Dirie*



**نووسینی: واریس دیریه**

**وەرگێڕانی له ئینگیزیەوە: نوری کەریم**

**وەك له مێژوودا هاتووە، خەتەنەی کچان دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی بەرد، که لەنێو هەندێك له هۆز و تیرەکاندا له ناوەڕاستی ئەفریقا پیادەکراوە. ئەم دیاردەیە تا سەدەی حەوتەم له ئەفریقادا قەتیسمابوو تا ئیسلام هات و ئەم دیاردەیەی له باوەشگرت و وەك باقی نەریتە دژەژنەکانی تر، نەریتی بەردبارانکردنی ژنانی زیناکەر بە دەست جولەکەکانی مەککە له کاتی پەیامبەر موحەمەددا، نەریتی عەبا و گۆشەگیرکردنی ژنانی فارس، کردی بە سوننەتی خۆی و له ئەفریقا بردییە دەرەوە و سەریکرد بە هەر گۆشەوکەنارێکی جیهاندا، بە زەبری شمشێر هەوڵی پیادەکردنی دا. یەکێك لەو گۆشەوکەنارانە کوردستان بوو.**

**له کوردستان له سەرەتای هەزارەی سێیەمدا ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی*، بەپێی پشکنینێك که کردبووی، هاواری لێهەڵسا و ڕایگەیاند، که له هەندێك ناوچەی کوردستان له 65٪ کچان و ژنان خەتەنەکراون (سەرنجبدەن هەمان ئەو ریژەیە له خەتەنەکردن که لەنێو کچان و ژنانی سۆماڵیادا هەیە). هەر ئەو ریکخراوە داوا له پەرلەمانی کوردستان کرد، که بەر بەم قەسابییە بگرێت.**

**له کۆتایی هەشتاکاندا کاتێك هاتمە دەرەوەی وڵات، له چەند کۆڕ و کۆبوونەوەی ژناندا بەرەوڕووی ئەو پرسیارە بوومەوە، که سوننەتی خەتەنەکردنی کچان و ژنان له کوردستاندا تا چە ئاستێك برەوی هەیە. سەرەتا گومانم هەبوو لەوەی که دیاردەی وا له کوردستاندا هەبێت یان وای بۆدەچووم، که ئەوەندە کەمە، جێگای سەرنج نییە. بەڵام بە پەرەگرتنی مزگەت و منارە له هەر شەقام و کۆڵانێکدا (بە مەرجێك کەمتر له پێنج سەد مەتر له یەکترییەوە نزیك نەبن، بەپێ یاسای حکومەتی کوردستان) و دەرکەوتن و ئاساییبوونەوەی کچان و ژنانی موحەجەبە له دەزگاکانی حکومەت و زانکۆ و شوێنە گشتییەکاندا، ئیتر ڕوون بوو که سوننەتەکانی تری ئیسلام ئاهێکی تێگەڕاوە و زیندووبوونەتەوە.**

**بەڵام خەتەنەکردنی کچان و ژنان چییە؟ چۆن دەکرێت؟ ئاکامی فیزیکی و ڕەوانی چییە؟ بۆچی دەستدرێژییەکە بۆ سەر کچان و ژنان بەتایبەتی و ماڤ مرۆڤ بەگشتی؟**

**ورایس دیریە یەکێکە له قوربانیانی ئەم دستدرێژییە، که بە هەستوپێستەوە بەرەوڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە و بە دەست ئاکامی فیزیکی و رەوانی ئەم قەسابییەوە تا ئێستاش دەناڵێنێت.**

**واریس له خێزانێکی کۆچەری بیابانی سۆماڵیا لەدایکبووە، له ڕێگای بەخێوکردنی بزن و حوشترەوە ژیانیان بەسەربردووە. واریس تەمەنی دوانزە ساڵ بووە که باوکی بەنیازبووە، بەبێ ویستی خۆی بە پیاوێکی چەندژنەی شەست ساڵە بەشوویبدات. واریسیش بە یارمەتی دایکی بەرەو مۆقادیشۆی پایتەختی سۆماڵیا هەڵدێت، که تەواوی کەسوکاری دایك و باوکی لەوێ دەژین.**

**پاش ماوەیەك مێردی پوری واریس، که سەفیری سۆماڵیا بووە له بەریتانیا، واریسی وەك کارەکەر لەگەڵ خۆی بردوە بۆ لەندەن. پاش تەواوبوونی کاری مێردی پوری له بەریتانیا، بە خاوخێزانەوە دەگەڕێنەوە بۆ سۆماڵیا. بەڵام واریس بە هەوڵی خۆی له**

بەریتانیا دەمێنێتەوە و وەك فۆتۆمۆدێلێکی بەناوبانگ دەستدەکات بە کار. واریس لە نیویۆرك دەژی و منداڵێکی هەیە. ئەو ئیستا لەم پەیوەندەدا نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخەری هەڵمەتی جیهانی دژی ئەم دیاردەیەیە**.

تەواوی ژیانی واریس لە دەوری یەك کێشەدا دەخولێتەوە. واریس لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خەتەنەکراوە، تەواوی ئەندامی مێینەی دەرەوەی لێکراوەتەوە و دووراوەتەوە. واریس لای وابووە کە تەواوی کچانی وڵاتانی ژێر سایەی ئیسلام، وەك ئەو خەتەنکراون، بەڵام بە چەند ڕۆژ ژیانکردن لە بەریتانیا، هەرچەند لەنێو چوار دیواری چێشتلێنان و قاپشتندا بوو، بەڵام بۆی دەرکەوت کە ئەمە ڕاست نییە. واریس هەر زوو سەرنجی بۆ لای کچەکانی پوری چوو، کە لەو گەورەتر بوون و لەوێ گەورەبووبوون، کاتێك کە دەچونە توالێت و میزیان دەکرد یەك خولەکیان پێنەدەچو، کەچی ئەو ناچاربوو زیاتر لە دە خولەك بمێنێتەوە.

ڕۆژێك واریس بە هۆی ئازاری سوڕی مانگانەیەوە لەهۆش خۆی دەچێت و ناچاردەبن بیبەن بۆ لای پزیشك. هەرچەند پزیشکەکە دەزانێت گرفتی واریس چییە، بەڵام بە دانی حەبی ئازار کەمکردنەوە خۆی ڕازیدەکات. بە گەڕانەوەی ماڵی پوری بۆ سۆماڵیا، واریس بێکەس و بێپەنا دەکەوێتە سەر شەقام و بە شێوەیەکی نایاسایی دەمێنێتەوە و دەست بە کار دەکات. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ گرفتەکەی گەورەتر دەبێت و دەردیسەری زیاتر دەکات. ئیتر نەدەکرا هەر مانگەی دوو هەفتە لەبەر ئازاری سوڕی مانگانەی بکەوێت و درێژە بە کارەکەشی بدات.

سەرئەنجام واریس بڕیاردەدا، کە ئەم گرفتە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. دەچێت بۆ لای پزیشك و پاش باسکردنی باری نالەباری تەندروستی خۆی، داوادەکات ئەندامی مێینەی دووراوەی بۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوەی واریس پێشبینی نەکردبوو، وەڵامی پزیشکەکە بوو لە وڵاتێکی ئەوروپایی وەك بەریتانیا: "تۆ لە سۆماڵیاوە هاتووی و دەزانیت خەتەنە و دوورینەوەی ئەندامی مێینەی کچان، بەشێکە لە داب و نەریتتان، ئێمەش ڕێز لە داب و نەریتی میللەتان دەگرین. ئێمە بەبێ ئاگاداری و ڕازیبوونی سەرپەرشتکەرت و لەسەر داوای خۆت، ئەم کارە ناکەین."

واریس پاشان ئاگاداردەبێتەوە کە پزیشکەکانی بەریتانیا تا ساڵی 1996، لەسەر داوای دایك و باوکانێك کە کچەکانیان لەوێ گەورەبووبوون، هەستاون بە خەتەنەکردنی کچان. ئەوەبوو پاش نارەزایەتییەکی زۆر، دەوڵەتی بەریتانیا ئەم کارە دژی ئینسانییەی 'بە ڕەسمی' قەدەغەکرد. بەڵام پاشان بە بەرچاوی زەقی دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە، هەر کۆمەڵە خێزانێك کە بە نیازبوون کچەکانیان خەتەنەبکەن، کۆدەبنەوە و بڕیار لەسەر هێنانی کەسێك دەدەن بۆ بەریتانیا تا ئەم کارە دژی ئینسانییەیان بۆ ئەنجامبدات.

گرنگترین و پڕ بایەخترین بەشی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە کە واریس بە دوای ئەو بەشە لە فەرهەنگ و کەلتوری دواکەوتووەیە کە لە پشت ئەم قەسابخانەیەی کچانەوە ڕاوەستاوە، فەرهەنگ و کەلتورێکی زاڵ لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کە دەبێتە هۆی ژیاندنەوە و درێژەدانی ئەم دیاردە دژی ئینسانییە.

واریس بە چاوی خۆی خوشکەکەی خۆیی بینیبوو، کە چۆن خەتەنەدەکرێت و چۆن لەناو ئازار و خڵتانی خوێندا دەبوورێتەوە. بیستبووی کە حەلیمۆی خوشکە گەورەکەی و ئامۆزاکەی بەرگەری ئەم قەسابییەیان نەگرتووە و گیانیان لەدەستداوە. هەروەها هەواڵی بێسەر و شوێن بوونی سەدان کچی منداڵی لەم پەیوەندەدا لە کونوقوژبنی ئەم بیابانەدا بیستبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە واریس لە بیریەتی کە چۆن بە ئاواتی ئەو ڕۆژەوە بووە کە خەتەنە بکرێت. واریس خۆی دەڵێت، چۆن منداڵانانی ڕۆژئاوا ڕۆژژمێریدەکەن بۆ گەیشتنی ئاهەنگی لەدایکبوونیان یان هاتنی بابەنۆئێلی دەستبەدیاری لەسەر ساڵی تازەدا، ئاوا منیش بە هیوای هاتنی ژنە قەرەجی قەسابی دەست بە گوێزانی کول و خوێناوی و خەتەنەکردنی خۆم بووم. واریسی تەمەن منداڵ کاتێك حەز لە کوڕی دراوسێکەیان دەکات، بە خەیاڵی خۆی، کوڕەکە حەز لەم ناکات و حەزی لە خوشکە گەورەکەیەتی، چونکە خەتەنەکراوە و پاکە. لە کەلتوری سۆماڵیدا کچ تا خەتەنە نەکرێت و نەدوورێتەوە هەر پیسە، وە وا لێکدەدرێتەوە کە هێشتا منداڵە و ئامادەی ژیانێکی تازەتر نییە. پیاویش تەنیا کچێك دەهێنێت کە خەتەنە کرابێت و دوورابێتەوە و بە دەستی 'پیرۆزی' خۆی لە شەوی زاوایەتیدا تەقەڵەکانی بکاتەوە. کچێك ئەگەر شوونەکات وە یان منداڵی نەبێت، لە بەرامبەر کۆمەڵدا جێگای نەفرەتە، چونکە بە ئەرکی سەرشانی هەڵنەساوە، وەك دەڵێن گیانۆکەی خۆی بە کەسێکی تر نەداوە.

واریس دەڵێت: "لەو شتانەی کە تایبەتی خۆمە، پێڵاوەکانم لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێن، دوو کەنتۆری گەورە پێڵاوم هەیە، بەڵام هەر هەستدەکەم هیچم نییە، هەموو ڕۆژێك تەماشای یەك بە یەکیان دەکەم بەبێ ئەوەی لە پێیان بکەم." هۆکەی ئاشکرایە.

واریسی نەخوێندەوار، هەژار و کۆچەری بیابانی سۆمالیا، تەواوی تەمەنی منداڵی بەبێ پێڵاو بردۆتەسەر، بەڵام هەر هەموو ئەمانە ڕێگر نەبوون لە بەردەم واریسدا کە لەسەرتاسەری جیهاندا ببێت بە نموونەی نارەزایەتی.

کاتێك واریس پشتی لە داب و نەریتی کۆنەپەرستانەی سۆماڵی کرد و دەنگی نارەزایەتی لە دژی خەتەنەی کچان بەرزکردەوە، کۆمەڵگای شارستانی و لانکی دیموکراسی ڕاچڵەکاند و لە تەلەفیزیۆنی وڵاتە پێشکەوتووەکان و ساڵۆنە گەورەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەنگیدایەوە.

واریس دەڵێت: "کارەساتێك کە بەسەر من هاتووە، هەر ساڵە بەسەر دوو ملیۆن ژن دێت. لەو شارەی کە منی تیادا دەژیم 'نیویۆرك'، بیست و حەوت هەزار کچ و ژن خەتەنەکراون یان بەرێوەن خەتەنەبکرێن. لەو کیشوەرەی من لێوەی هاتووم، هەموو ڕۆژێك شەش هەزار کچ یان ژن لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا یان لە کاتی منداڵبووندا، بە هۆی ئەوەی خەتەنەکراون، گیانیان لەدەستدەدەن. بە داخەوە ئەم دیاردەیە ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە نەك کەمبوون."

واریس ئەم بەسەرهاتەی خۆی، بە ناونیشانی (گوڵێکی بیابان) بە زەمانی ئینگلیزی نووسیوە، کە دەبێت بە (Desert Flower). لە ساڵی 1998دا بۆ یەکەم جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە. وەرگێراوی کوردی ئەم کتێبە لە کوردستان، بە قەبارەی گەورەی 298 لاپەڕەوە، لە لایەن ڕێکخراوی فریاگوزاری میللییەوە(FAO – Folk Aid Organisation)، بە تیراژی 1250 دانە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕاوی کوردی ئەم کتێبە دەبێت بە (گوڵێك لە بیابانی ئەفریقا)، کە ناونیشانی وەرگێڕاوی سویدییەکەیەتی(En blomma i Afrikas Öken)، من ئەم ناونیشانم پێ گویاتر بوو.

(گوڵێك لە بیانانی ئەفریقا - واریس دیریە) سەرچاوەیەکی پڕ بەهایە بۆ ناساندنی ئەم کارەساتە دژی ئینسانییە. هەروەها حەزدەکەم بە خوێنەرانی بەڕێز ڕاگەیەنم، کە (گوڵێك لە بیابانی ئەفریقا) دووەم کتێبی کۆمەڵە کتێبێکە لەسەر بزووتنەوەی ژنان و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەم بزوتنەوەیە. یەکەم کتێب (کچانی خوا - جێرالدین بروکس)ە.


وەرگێڕ

نوری کەریم

nourikarim52@yahoo.com


* ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە ماڵپەڕی ئاوێنەدا: www.awene.com

** ناونیشانی کەمپینی دژی خەتەنەی کچان و ژنان:

*The Campaign to Eliminate FGM (Female Genital Mutilation)*
*United Nations Population Fund*
*220 E. 42nd Street*
*New York, NY 10017*
*USA*
www.unfpa.org